



# هونەرمەند لە ریشە دانابڕێ

**هەندێ جار هونەرمەند لە ژینگەی خۆیدا تووشی نامۆبوون دێت. نامۆبوونیش هونەرمەند دەخاتە بەردەم دووڕیانی، گۆشەگیری، یان کۆچ و سەرهەڵگرتن. ئەم ڕەوشە دوو جار بە سەر هونەرمەندی شێوەکار (عەلی دەروێش)دا هات. ئەو لە سەردەمی دەسەڵاتی سەدام، لە ساڵانی کۆتایی نەوەتەکاندا، لەبەر سەختیی ژیان لە کەرکووکەوە بەرەو هەولێر کۆچ دەکات. ئەگەرچی پێشتر ئەزموونی لە بواری هونەری کاریکاتێردا نەبوو، بەڵام لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (برایەتی) بە رووی بەرهەمی کاریکاتێری ئەم هونەرمەندەدا کرانەوە، کە بە واژۆی (بەمۆ) کاریکاتێری بڵاو دەکردەوە.**

هەردەم ژمارەی هونەرمەندانی کاریکاتێر کەمە، دوای ئەوەی وەك کاریکاتێریستێك دەناسرێ، عەلی دەروێش دەرگای چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی لە شاری هەولێردا بۆ کرایەوە، لە کاریکاتێر گۆڤاری (دەهۆڵ تایمز)دا، ئەو کاریکاتێریستی سەرەکی بوو، بەشی هەرە زۆری لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارە بە بەرهەمەکانی عەلی دەروێش پڕ دەکرانەوە. ئەو لە رووی ستایلی کارکردنەوە شێوازێکی تایبەتی هەیە. هەمیشە ڕەنگی تەڵخ و تەماویبەکار دەهێنێت، فیگەر لە نێو تابلۆکانیدا تێك دەشکێت و دووبارە بە ستایل و شێوازی خۆی دروستی دەکاتەوە. لە رووی ناوەرۆکەوە بابەتی تابلۆکانی هەمیشە نزیك بە هەست و خولیای مرۆڤن، بە دەوری زەحمەتییەکانی ژیانی ئەویشدا دەخولێنەوە. کەسایەتیی هونەرمەند و دید و روانینی بۆ ژیان، لە پاڵ یادگەی ڕۆژانی منداڵی و گەنجێتی، بوونەتە ئەو چاوگە هەمیشەییەی کە زەخیرەی کارکردن بۆ ئەو دابین دەکەن.

عەلی دەروێش لە بن گوشاری ژیانی دژوار و نەبوونی ئازادی، کەرکووکی ژێر دەسەڵاتی بەعسی جێ هێشت، دوای نەمانی رژێمەکەی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣دا، بنە و بارگەی تێك نا و لە هەولێرەوە گەڕایەوە کەرکووك. لەو شارە دێرینەی کوردستانیش راچەنینێك دروست ببوو، کوردو نەتەوەکانی دیکەی شارەکە کەوتنە خۆ بۆ قەرەبووکردنەوەی ساڵانێکی زۆری بێبەش بوون لە ئازادی و ژیانی شایستە بە مرۆڤی ئەم سەردەمە. هونەرمەند و رۆشنبیرانیش دەرگای کار و ئازادییان بە رووودا کرایەوە. ئەم جارەشیان دیسان هەستی نامۆبوون دەروون و رۆحی عەلی دەروێشی تەنییەوە. ئەو پێشتر لە هەولێر لە کوردستانێکی ئازاد و تا رادەیەکی زۆر ئارام و سەقامگیردا ژیابوو، لە ناوەندی هونەر و رۆشنبیریی پایتەختدا جێی خۆی کردبووەوە، بۆیە دووبارە نەیتوانی لەگەڵ کەشی زێدی خۆیدا هەڵ بکات، بە تایبەتی کە کەرکووك دوای پرۆسەی (رووخانی سەدام) لە رەوشێکی هەڵبزڕکاوی رۆشنبیریدا بوو. زۆر کەس و لایەن هەوڵیان دەدا کار بۆ ئەو شارە سیمبۆلییە بکەن، هەموان حەزیان دەکرد لە هەڵچنینی سەکۆ و دروستکردنەوەی تەلاری رۆشنبیریی ئەو شارەدا بەشدار بن و جێدەستیان دیار بێت. لە کەشێکی لەم جۆرەدا، کێبڕکێ و خۆ رەپێش کردن باڵادەست دەبێت، هەر کەس لە هەڵوەدای ئەوەدا دەبێت شوێن دەست و پەنجەی خۆی بە سیمای کەلتوورییانەی شارێکی بێبەشەوە جێ بهێڵێت. عەلی دەروێش چاوی لە ئاسۆیەکی روونتر و باڵاتر لە هەلومەرجی شارێکی تازە راچەنیوی نێو سووتوو و خۆڵەمێش بوو، نەیتوانی تا سەر هەڵ بکات،



ئا/ تاریق کاریزی

ئەم جارەشیان دیسان کۆچ و سەرهەڵگرتن دەبێتە بژاردەی ئەو، ئیدی تێکەڵ بە شەپۆلی ئاوارەکان دەبێت، بە نیازی بەدەستهێنانی مافی پەنابەری لە ئەورووپا، کۆچ دەکات. سەرەنجام بەختی یار دەبێت، چ بە هەوڵی خۆی، یان بە پشتیوانی و ئاسانکاریی دۆست و خزمان، لە فەرەنسای کانگا و چاوگی هونەردا دەگیرسێتەوە.

قسەکردن لە بارەی ئایدیا و دنیابینییعەلی دەروێش وا دەخوازێت، لە کەسایەتیی ئەو نزیك ببینەوە. ئەو لە رووی کەسایەتی و پۆشاکەوە سادە و خاکییە، زیاتر بایەخ بە ئەندێشە و ناخی شتان نەك رواڵەتیان دەدات، رەخنەی زۆری لە گەلێك رواڵەتی ژیانی جڤاکهەیە، پێیوایە زۆر شت هەن بە دروستی ناچن بەڕێوە. ئەو مرۆڤی ئەم سەرزەمینە بە بزن دەشوبهێنێ، بەوەی بزێو و سەرسەخت و بە زەڕە. بە هەزاران بەرهەمی کاریکاتێری کێشاوە و لە دەیان گۆڤار و رۆژنامەی باشووری کوردستاندا بڵاو کراونەتەوە. لە نێو ئەو بەرهەمانەی ئەودا بزن فیگەر سیمبولێکی ئامادە و کاریگەرە، لە هەر کاریکارتێرێکی عەلی دەروێش (بەمۆ)دا بزن هەبێت، ئەوە سوور بزانە بیرۆکەی کاریکارتێرەکە هی خۆیەتی نەك هی سەرنووسەر، یان کارمەندێکی دیکەی رۆژنامە و گۆڤارەکە.

ئەو سادە و ساکارییەی لە پۆشاك و ئایدیای ئەم هونەرمەندەدا بەدی دەکرێت، لە نێو ستایلی هونەرەکەشی رەنگی داوەتەوە. دەکرێ بڵێین سادەکاری لە رووی فیگەر و بەکارهێنانی رەنگەوە، بووە بە تەکنیکێکی جێگیر لە لای ئەم نیگارکێشە کوردە. بە مەزندەی من، رۆژێك دادێ هەستی نامۆیی لە ئەورووپاش تەنگی پێ هەڵدەچنێ، دووبارە بەرەو نیشتیمانی رەسەنی خۆی دەگەڕێتەوە. نیگەرانی و گەڕان بە دوای بەهەشتێکی زادەی خەیاڵ و بۆچوون، هەمیشە دڕ بە کیان و گیانی هونەرمەند دەدەن، ئیدی ئەو دوو فاکتەرە دەبنە داینەمۆی کار و جووڵە و کۆچ و گەلێ رواڵەتی دیکەی ژیانی هونەرمەندان.


پەیوەست بوون بە ریشەی نیشتمان و گەل، زۆر بە روونی بە تابلۆکانی ئەم دواییەی عەلی دەروێشەوە دیارە. لەبەر چی؟ چونکە هونەرمەند کەسایەتییەکی رووت و رەجاڵ نییە، بەڵکوو کەسایەتییەکە ئاوێتە و نوقمی نێو کەلتوورەکەی، ئەو کەلتوورەش لە گەڵاڵەکردنی کەسایەتیی عەلی دەروێشدا نەخشی کارای هەیە. بە دڵنیاییەوە کەلتووری دەوڵەمەندی رۆژاواش لە ئامێزی دەگرێت و زۆر کاریگەرانە کار لە هەست و دەروونی دەکات، سەرەنجام لە بەرهەمەکانی داهاتوویدا رەنگ دەداتەوە. دروستبوونی ئاوێتەیەك لە هونەری مۆرك کوردانە و ئەورووپاییانە، مەزندەیەکی هەرە بەهێزە، ئەوەتا وەك سەرەتا تابلۆی بە ناوبانگی شۆڕشی فەرەنسا، کە شۆخێکی فەرەنسی وەپێش خەڵکانی راپەڕیو کەوتووە و ئاڵای فەرەنسای بەرزکردووەتەوە، عەلی دەروێش هاتووە کچە کوردێکی بە تەنیشت ئەوەوە دروست کردووە کە ئاڵای کوردستانی بەرزکردووەتەوە. ئەوەی هونەرمەند کردوویەتی خەون و گریمانە نییە، بەڵکوو راستییەکی بەرجەستەیە، هەموو جیهان لە رێی میدیاوە بە قارەمانێتیی کچانی کورد ئاشنا و سەرسامن. هونەرمەند دەیەوێ لە چێوەی گوتارێکی دیدەییدا، ئەم حاڵەتە پۆزەتیڤە بۆ مێژوو تۆمار بکات.

**کردنەوەی پیشانگا خولیایەکی هەمیشەیی هونەرمەندە، کە دەخوازێ هەڕمێن بە داهێنان و بۆچوونی خۆی لە رێی گوتارێکی جوانەوە بدات**

کردنەوەی پیشانگا خولیایەکی هەمیشەیی هونەرمەندە، کە دەخوازێ هەڕمێن بە داهێنان و بۆچوونی خۆی لە رێی گوتارێکی جوانەوە بدات. ئەو پیشانگایانەی عەلی دەروێش لە ئەورووپا کردوویەتەوە، تابلۆ تێیاندا بە هەمان ستایلی باوی ئەو کێشراون، لە رووی بابەتیشەوە هونەرمەند ژینگە و رووداوی زیندووی ژیانی خۆی بۆ سەر رووبەری تابلۆ گواستووەتەوە. بۆ نموونە پۆرترێتی کەسانی نزیك بە خۆی، بابەتی کوردستانی، کۆچ و دیمەنە سەختەکانی پەنابەری، پەرتەوازەیی مرۆڤ و ئازار و مەینەتییەکانی، لە تابلۆکانیدا بەدی دەکرێن. بە گشتی پەیوەست بوونێکی زۆر پتەو بە نیشتمان و کەلتوورەکەی لە نێو بەرهەمەکانیدا بەدی دەکرێت.



# ئەنتۆنیو باندیراس وازی لە جگەرە کێشان هێناوە



ئەستێرەی ناسراوی سینەمایی ئیسپانی و جیهانی ئەنتۆنیۆ باندیراس رایگەیاند بڕیاری داوە لەمەودوا گرنگییەکی زۆر بە باری تەندروستی خۆی بدات دوای ئەوەی تووشی چەند گرفتێك بوویەوە لە دڵی و مانگی رابردوو ناچار بوو نەشتەرگەرییەکی بەپەلە ئەنجام بدات.
باندیراسی تەمەن ٥٦ ساڵ ئاشکرای کرد کە لەمەودوا لە جگەرەکێشان دووردەکەوێتەوە هەروەها کار و چالاکییە هونەرییەکانیشی کەم دەکاتەوە، لەمبارەوە وتی: نەشتەرگەرییەکەم یەك شتی ئیجابی هەبوو، ئەویش ئەوەیە کە ناچار بووم لە جگەرەکێشان دووربکەومەوە بێ ئەوەی پەنا بۆ دەرمان و حەب و هیچ شتێکی دیکە ببەم. لە کاری هونەری بەردەوام دەبم، چونکە بە هیچ شێوەیەك ناتوانم وازی لێ بهێنم و لێی دووربکەومەوە، بەڵام هەندێك لە کارەکان کەم دەکەمەوەو دوای تەواوکردنی هەر فیلمێك ماوەیەك دەحەسێمەوە ئینجا دەست پێدەکەمەوە و جگە لە نواندن بە نیازم بە تێپەڕبوونی کات بچمە دواوەی کامیرا و دەق و سیناریۆی فیلمەکان بنووسمەوە.
شایەنی باسە ئەنتۆنیۆ باندیراس بە هۆی بەشداریکردنی لە فیلمەکانی دەرهێنەری ئیسپانی پێدرۆ مۆدۆڤا نازناوی پەیدا کرد بەر لەوەی روو لە ئەمریکا بکات و بە شێوەیەکی رەسمی دەست بەکاری نواندن بکات.

## شیلپا شندی:

# بەرهەمهێنەری فیلمەکەم داوای پێوەندیی لێکردم



زۆر جار لەسەر زاری خانمە ئەکتەرەکان گوێبیستی ئەوە دەبین کە بەشێك لە دەرهێنەر و بەرهەمهێنەران فیلمە سینەماییەکان بەتایبەتی لە وڵاتانی رۆژهەڵات هەوڵی ئەوە دەدەن بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بەتایبەتی لە لایەنی سێکسییەوە ئیستیغلالیان بکەن لە بەرامبەر پێدانی رۆڵێکی سەرەکی، شیلپا شندی خانمە ئەکتەری ناسراوی تەلەفزیۆنی لە هیندستان نموونەی ئەم ئافرەتانەیە کە رووبەڕووی ئەم جۆرە رەفتارانە بوونەتەوە.
سەرچاوەیەکی نزیك لە شیلپا بە ماڵپەڕی (indianexpress)ی راگەیاند کە لە بنکەیەکی پۆلیس سکاڵای دژی سانجای کولیی بەرهەمهێنەری زنجیرە تەلەفزیۆنی (خوشکەکان) کردووە بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ دەستدرێژی سێکسی، دوای ئەوەی چەند جارێك داوای پەیوەندیی سێکسیی لێ کردووە، هەروەها چەندین جار بە( گەرم و سەرنجڕاکێش) بانگی کردووە.
شیلپا لە سکاڵاکەیدا دەڵێ: بەرهەمهێنەری ناوبراو هەرەشەی دەرکردن و دوورخستنەوەی لێکردووە ئەگەر ئەو کارە باس بکات، بەڵام هاوسەری سانجای بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند: ئەو مەسەلەیە درووستکراوە و دوورە لە راستی، ئێمە بڕوای تەواومان بە دادگا هەیە و نامانەوێ گرنگییەکی زیاتر بە ئیدیعایەکی درۆ بدەین.
شایەنی باسە شیلپا دوای تۆمار کردنی سکاڵاکەی زنجیرە دراماکەی جێهێشت.



# بەڕێوەبەری کارەکانی سانجۆ تۆمەتباری دەکات

بریار وایە خانمە ئەستێرەی تورکی ئالتشین سانجۆ پاڵەوانی زنجیرە درامای (خۆشەویستی بۆ کرێ) بچێتە بەردەم دادگا دوای ئەوەی باشای ئۆقایی بەڕێوەبەری کارەکانی سکاڵایەکی یاسایی لەسەر تۆمار کردو بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستێکی نێوانیان تۆمەتباری دەکات بێ ئەوەی پێشتر پێی رابگەیەنێت.

باشای لە داواکەیدا دژی سۆنجای بەوە تۆمەتباری دەکات کە بێ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە یەکلایەنانە گرێبەستی نێوانیانی هەڵوەشاندۆتەوە و گرێبەستی لەگەڵ کەسێکی دیکە واژۆ کردووە وەك بەڕێوەبەری کارەکانی ئەمەش زیانی ماددی و مەعنەوی زۆری پێگەیاندووە، بۆیە لە سکاڵاکەیدا داوای بڕی (١٠٠) هەزار دۆلاری ئەمریکی دەکات وەك قەرەبووی ئەو زیانانە.

لەلایەن خۆیەوە سانجای ئامادە نەبوو هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ باشای ئاشکرا بکات و دەربارەی سکاڵا و تۆمەتبار کردنیشی وتی: بێگومان کارێکی ئاساییە کە باشای بەرگری لە خۆی بکات.

شایەنی باسە بەشی یەکەمی زنجیرە درامای (خۆشەویستی بۆ کرێ) ئێستا نمایش دەکرێت و هەر یەکە لە سانجای و باریش ئەردۆتش رۆڵی پاڵەوانی تێدا دەبینن

ئازەر قوبادی:

# خەریکی کارێکی هونەریم لەگەڵ ئاندی



**ئازەر قوبادی، ساڵی ١٩٦٤ لە بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە بانە تەواو کردووە، دواتر لەگەڵ خانەوادەکەی چووەتە تاران، خوێندنی ماستەری لەتاران تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠٠١ لەگەڵماڵباتەکەی چوونەتە ئەمریکا هەر لەوێ ژیانی هاوسەریی پێکهێناوە، ئەلبوومێکی گۆرانی لە ساڵی ٢٠١١ بڵاوکردووەتەوە، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** ئێوە لە خانەوادەیەکی ناسراون لە بواری سینەما لە ئاستی جیهان و خۆت چۆن لەو جیهانەدا بینیەوە؟**

- هەر لە منداڵییەوە من عاشقی سینەما و تەلەفزیۆن و وێنەگرتن بووم، بەڵام هەر لەو کاتیشەوە من گۆرانیم وتووە لە تەمەنێکی زوودا، تەنانەت کاتێك یەکەم گۆرانیم تۆمار کرد، هاوڕێیەکم لە ئوستralیا پەیامێکی بۆ ناردم و وتی: لە کۆتاییدا ئەو کارەی حەزت لێی دەکرد ئەنجامت دا، منیش پێم سەیر بوو و لە بیرم نەمابوو، کاتێك پێم وت: تۆ چۆن دەزانی، وتی: لە بیرمە لە ١٢ ساڵیدا جارێك وتت لە دڵەوە حەز دەکەم ببمە گۆرانیبێژ، بەڵام پێش گۆرانی حەزم لە سینەما بوو، سەبارەت بەوەی بۆچی نەچووم بۆ بواری سینەما، ئەو کاتەی کاك بەهمەنی برا گەورەم رووی لە سینەما کرد، من ئەو کات قوتابی بووم لە بوارێکی جیاواز لە سینەما، هەروەها لە ئێران ئەو کات بۆ ئافرەت ئەستەم بوو ئەو کارەی هەڵیبژێرێت، ئەنجامی بدات، بەتایبەتی کاری هونەری و سینەما، بۆیە نەچوومە بواری سینەما، هەرچەندە لەبەر ئەوەی حەزم لەو بوارە بووە و شارەزاییم لە فکری سینەما هەبوو، کتێبم دەربارەی سینەما دەخوێندەوە، دڵنیام کە تێیدا سەرکەوتوو دەبووم.

*** تا چەند سوودت لە ئەزموونەکانی بەهمەن قوبادی لە سینەما و گۆرانی و مۆسیقادا وەرگرتووە؟**

- بەهمەن خۆی کەسێکە عاشقی مۆسیقایە و زۆر جار دەڵێ لە دوای سینەما مۆسیقا عەشقی دووەمە، تەنانەت لە دوو فیلمی خۆیدا گۆرانی وتووە و گوێ لە مۆسیقا دەگرێت و هەر کاتێك من گۆرانییەك ئامادە بکەم، پێش ئەوەی بڵاوی بکەمەوە و کاری لەسەر بکەم، بۆی دەنێرم بۆ ئەوەی بزانم رای چۆنە لەسەری، چونکە دەزانم شارەزایە و بۆچوونی ئەویش زۆر گرنگە بۆ من و یەکەم کەسە کە من رای ئەو وەرگرم.

*** موزیکی سوننەتی زۆر پێشکەوتووە لە ئێران، ئایا لە کارەکانتدا هیچ سوودت لێی بینیوە؟**

- من هەر لە منداڵییەوە کە دەستم بە گۆرانیوتن کرد، گۆرانی سوننەتیم دەوتەوە، وەك گۆرانییەکانی شەجەریان و مەرزیە و دڵکەش، هەرچەندە منداڵیش بووم، پێموایە گۆرانی سوننەتی ئێرانی تێکەڵ بە خەمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژووییە، بەڵام من بە تێپەڕبوونی کات لەو جۆرە مۆسیقایە هاتمە دەرەوە و زیاتر حەزم لە مۆسیقای شار و شادی و دانس کرد، بەشێوەیەکی گشتی زۆر حەز بە مۆسیقای هێمن ناکەم.

*** هیچ لێك نزیکبوونەیەوەیەکی بەرچاو لە نێوان مۆسیقای کوردی و فارسی بەدی دەکەی؟**

- بێگومان پێوەندییەکی زۆر هەیە لە نێوان مۆسیقای کوردی و مۆسیقای سوننەتی ئێرانی، هەروەك چۆن لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووییش ئەو پێوەندییە هەیە، ئەمەش وایکردووە کە پێوەندییەکی بەهێز لە نێوان هونەر و هونەرمەندانی هەردوولاشدا هەبێت، هەروەك چۆن پێوەندی لە نێوان هونەری عەرەبی و کوردی لە عێراق و سووریا، هەروەها تورکی و کوردی لە تورکیا هەیە.

*** زۆر لە هونەرمەندانی کوردی رۆژهەڵات شارەزاییان لە مۆسیقای فارسی هەیە و گۆرانییان بە فارسی گوتووە، تۆ تا چەند شارەزاییت هەیە و ئایا گۆرانیت بە زمانی فارسی هەیە؟**

- یەکەم زمان کە فێری بوو فارسی بوو، بۆیە شارەزاییشم لە زمانی فارسی هەیە، چونکە یەکەم جار کە لە قوتابخانە گۆرانیم وت، بە فارسی بوو.. وەك گۆتم ئاشنایەتیم بە مۆسیقای کلاسیکی فارسی هەیە، لەبەر ئەوەی لەگەڵی گەورە بووین، حەزم لە گۆرانی فارسی بووە و چەند گۆرانییەکیشم بە فارسی هەیە.

*** بە حوکمی ئەوەی لە ئەمریکا دەژی، تاچەند کاری هونەری لەو وڵاتە ئاستەنگی بۆتان دروست کردووە؟**

- نەك هاتنی من بۆ ئەمریکا و غوربەت بەڵکو بۆ هەموو کەسێك کە زێدی باب و باپیرانی جێدەهێڵێت و کۆچ دەکات هەموو شتێك بۆی سەخت دەبێت، ئەمەش تەنیا لە بواری هونەر و ژیاندا وانییە، دایکم هەمیشە دەڵێ بەرد لە شوێنی خۆی بە سەنگە و کاتێك دەگوازرێتەوە بۆ هەر شوێنێکی دیکە ئەو سەنگ و بەهایەی نامینێت، بۆ منیش کاری هونەری بە حوکمی دووری و درەنگ دەست پێکردن و بوونی دوو منداڵ و نەبوونی سەرچاوەی هونەریی گرنگ لە شیعر و مۆسیقا زۆر زۆر سەختە، هەر بۆیەش غوربەت بە هەموو ناخۆشییەکانی بەربەستێکی گەورە بوون لە بەردەمم بۆ پێشخستنی هونەری خۆم.

*** تا ئێستا چەند جار سەردانی باشووری کوردستان کردووە و پێوەندیت لەگەڵ هونەرمەندانی باشووری چۆنە؟**

- زۆر جار سەردانی کورستانم کردووە و ماوەی سێ ساڵ لە هەولێر نیشتەجێ بووم و ئەو شارەم زۆر خۆشدەوێ، سەبارەت بە ئاشنایەتی بە هونەرمەندان من هەر لە منداڵییەوە بە دەنگی هونەرمەندە گەورەکانی باشووری کوردستان ئاشنا بووم، وەك تەحسین تەها و کەریم کابان و قادر کابان و حەزم لە دەنگیان کردووە، بەڵام لە نزیکەوە نەمبینیون بە هەمان شێوە هونەرمەندە کلاسیکەکانیش، بەشێوەیەکی گشتی من زیاتر لە مۆسیقای رۆژئاواییەوە نزیکم لەوەی لە مۆسیقای رۆژهەڵاتی.

*** دوایین کار و بەرهەمی هونەریت چییە؟**

- پێش چەند ساڵێك ئەلبوومی یەکەمم بڵاوکردەوە، بەداخەوە نەمانتوانی وەك پێویست بیفرۆشین، ئێستاش هەر خەریکم پارە خەرج دەکەم لەسەر کارەکانم و کاری داهاتووم گۆرانییەکی شاییە بە ناوی (بۆنی عەتر) لەگەڵ بەرهەمێکی دیکە کە لە بەرنامەدایە بیڵێم، تێکەڵێکە لە نێوان مۆسیقای کوردی و ئەفریقایی و هێمن هەژار خەریکی دانانی تێکستەکەیەتی، هەروەها خەریکی ئەنجامدانی کارێکم لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی فارس ئاندی کە من زۆر حەز لە کارەکانی دەکەم.

**به فارسی گۆرانیم وتووە و شارەزاییشم لە زمانی فارسی هەیە، چونکە یەکەم جار کە لە قوتابخانە گۆرانیم وت، بە فارسی بوو**